ماناى سەلەفى

باوكي حارث

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه وسلم اما بعد :

لەبەر ئەوەى خەڵكێك ئەيەوێ ناوى سەلەفيەكان بشێوێنێ ناوو ناتۆرەمان لێ ئەنێن پێم خۆش بوو بۆ هەموو ئەو كەسانەى دەنگى ئێمەيان پێ ئەگات پێناسەى سەلەفى و پێناسەى ئەم گۆڤارەش بكەين كە بۆ ناساندنى سەلەفى و بڵاو كردنەوەيەتى تا وەكو خەڵك بەرچاوى ڕۆشن بێ و پێناسەى دوژمنانى سەلەفى بۆمان واى لێ نەكا ڕاستى سەلەفى لێ بشێوێ.

پێش هەموو شتێ ديارە كە لە وەتەى خواى بەرز پێغەمبەرانى ڕەوانە كردووە عليم الصلاة والسلام دوژمنيان هەبووە و دوژمنانى ڕاستى و حەق بە هەموو شێوازێك ناوو ناتۆرەيان بۆ هەڵبەستوون و بە هەموو ڕێگاو بە هەموو شێوەيەك دژايەتيان كردوون وەك خواى بەرز ئەفەرموێ :﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ الانعام ١١٢

وە ئەفەرموێ : ﴿كَذَلِكَ مَا أَتَى الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُوا سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ﴾الذاريات ٥٢ وە ئەفەرموێ : ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً مِّنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِياً وَنَصِيراً﴾الفرقان ٣١

ديارە ئێمەش كە شوێنكەوتەى پێغەمبەرانين عليهم الصلاة والسلام وە درێژە پێدەرى بانگەوازيانين لەو دژايەتيە بێ بەش نابين ئەمە بە شتێكى ئاسايى ئەزانين .

ئينجا كاتى ئەوە هاتووە كە باس و پێناسەى ئەم گۆڤارە بكەم _ پێناسەى سەلەفى بۆ كۆتايى هەڵئەگرم _، ئەم گۆڤارە گۆڤارێكى حيزبى نيە لەبەر ئەوەى لاى سەلەفى حيزبايەتى حەرامەو موسڵمان بۆى نيە حيزبى بێ چ جاى بانگەوازى بۆ بكاو خزمەتى بكا، وە لەو گۆڤارە ئێمە بانگەواز ناكەين كە خەڵك شوێنى هيچ كەسێك بەهيچ ناوێك بكەوێ تەنها پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەبێ كە لەسەرمان فەرزە شوێنى بكەوين ئێمە ڕێز دا ئەنێين بۆ زانا سەلەفيەكان خۆشمان ئەوێن بەڵام لە مەنهەجى سەلەفى پەيوەست بوون بە كەسێك غەيرى پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نيە و تەنها لەسەرمانە شوێنى ئەوە بكەوين كە

لاى خوا بۆمان دابەزيوە وەك خواى بەرز ئەفەرموێ :﴿اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ﴾الاعراف ٣، وە سەلەفيەكان شتى شاراوەيان نيە ئەوەى كە بڕوامان پێ هەيە بە ئاشكراو بێ پەردە ئەيلێين و بڵاوى ئەكەينەوە، ئەو كەسەى پرسياريشى هەبێ شەرم لە وەڵام ناكەين ، وە لەو گۆڤارە بابەتى هيچ كەسێك بڵاو ناكەينەوە كە حيزبى بێ يان موخاليفى مەنهەجى سەلەڤ بێ جا هەركەسێك بێ ، وە ئەو گۆڤارە سەر بە فلان و فلان نيە وە نوێنەرى كەسيش نيە تەنها بۆ بڵاو كردنەوەى مەنهەجى سەلەڤ و زانستى شەرعيە و هەر كەسێك سەلەڤ بێ يارمەتيمان بدا بۆ ئەو مەبەستە خۆشحاڵ ئەبين ، وە هەر كەسێك ڕەخنەى زانستى هەبێ با بۆمان بنێرێ مەمنونى ئەبين نەك لە پەناى ديوار و پشتى پەردە قسەى زل هەڵبەستێ تانەو تەشەر بداو بەڵگەشى بەتاڵ بێ!!!

با بێينە سەر هەندێك لەو ناوو ناتۆرانەى بۆمانى هەڵئەبەستن ، هەندێ كەس زياتر ئەوانەى كە سۆفين يان دەمار گيرى مەزهەبيان هەيە لەبەر ئەوەى سەلەفيەكان ئەڵێن با ووتەو فەتواى هيچ كەسێك پێشى فەرموودەى پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەخەين و با لە جياتى خوا داوا لە مردوو نەكەين وە گۆڕەكانيان نەكەين بە مزگەوت چونكە ئەمە خوا لەعنەتى لێ كردووە وە كارى جولەكەو ديانەكانە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (لعنة الله على اليهود والنصارى اتخذوا قبور انبيائهم مساجد) بوخارى و موسليم ڕيوايەتيان كردووە.

پێمان ئەڵێن ئێوە وەهابين ئێوە ڕێز لە پێشەواكان ناگرن ڕێزى پياو چاكان نازانن ! ئەوە لەبەر ئەوەى زانايەكى ئيسلام ناوى محمدى كوڕى عبدالوهاب بوو پێشى دەورى ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئەويش بانگى خەڵكى ئەكرد بۆ تەنها پەرستنى خواو تەنها شوێنكەوتنى پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم و واز هێنان لە شەريك دانان بۆ خواو واز هێنان لە بيدعەو خورافات ! ئەو زانايەكى بەڕێزە بەڵام ئەو بانگەوازە هى ئەو نيە تا پێمان بڵێن وەهابى ئەم بانگەوازە خوا ناردويەتى بۆ پێغەمبەرەكەى صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەگەر وانيە فەرموو شتێكمان پێ بڵێن بە بەڵگە كە محمدى كوڕى عبدالوهاب وسەلەفيەكان لە خۆيانەوە هێنابيان كە ناتوانن بۆ درۆو بوختان هەڵدەبەستن !؟

ئيتر سەلەڤ بە كەس ناڵێ شوێنى محمدى كوڕى عبد الوهاب بكەون ئەڵێين شوێنى محمدى كوڕى عبدالله بكەون صلى الله عليه وعلى اله وسلم يان ئەويشتان پێ ڕاست نيە بە لام بە ناوێكى تر دژايەتى دەكەن !

وە حيزبيەكان ئەوانەى بە ناوى ئيسلام حيزبايەتى ئەكەن پێمان ئەڵێن لا جەماعى يانى بە ووتەى ئەوان ئێمە بڕوامان بە جەماعەت نيە ڕێك ناوى خۆيان لە ئێمە ناوە چونكە لە ئيسلام

جەماعەتی شەرعی دوو واتای هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە لەسەر حەق بێ ئەگەر تەنیاش بێ دووەمیان ئەوەیە کە لە ژێر گوێ ڕایەلی پێشەوای یان سەرۆکی وڵات بیت ئەوە مانای جەماعەتە جا بە هەردوو مانا حیزبیەکان لە جەماعەت بێ بەشن چونکە ئەوان دژایەتی پێشەوا یان سەرۆکی وڵات ئەکەن وە بە داخەوە لە سەر حەقیش نین ئەو حەقەی کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم لە سەری بوو حاڵی خۆشیان بەسە بۆ ئەم شایەتیە باشە کام حیزبەیان ڕاستن و لە سەر حەقن؟ ئەگەر بشلێن هەمووی! ئەی چی وای لێ کردوون لێك جیا ببنەوە لە گەڵ ئەو هەموو دەقەی قورئان و سوننەت کە فەرمانمان پێ دەکا بە یەك گرتن و لێك جیا نەبوونەوە، تۆ بڵێی کەسێك لەوان جورئەتی بگاتە ئەو ڕاددەیە بڵێ پێچەوانەی ئەم دەقانە ڕاستە !!!

یان پێمان ئەڵێن جامی یان مەدخەلی ئەمەش لە بەر ئەوەی ئەم دوو زانایە محمد بن امان الجامي و ربيع بن هادي المدخلي زۆر بەتوندی ڕەخنە لەو حیزبیانە ئەگرن و ڕاستی و حەقیقەتی سەرکردەکانیان ئاشکرا کردوون بۆیە ئەوەی ڕەخنەیان لێ بگرێ ئەڵێن جامیە یان مەدخەلی ئێمەش ئەڵێین فەرموو پێمان بڵێن ئەم زانا بەڕێزانەو سەلەفیەکان لە چی لە ڕاستی لایانداوە ڕوونی بکەنەوە بە بەڵگە ئیتر قسەی چایخانەو سەر شەقام شایان بە کەسی تێگەیشتوو نیە کە ڕەددی حەقی پێ بکاتەوە ئەم دوو زانایە وە سەلەفیەکان کتابەکانیان و سەرچاوەکانیان ئاشکران وە لە هیچەوە قسە بە سەرکردەکانتان نالێن بەڵکو قسەو کتێبی سەرکردەکانیشتان ئاشکرایەو شاردنەوەی ئەستەمە ! ئیتر ئەم بانگەوازە هی کەسێك نیە و خاوەنەکەی خوای بەرزە ڕەوانەی کردووە بۆ پێغەمبەرەکەی صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەم زانایانە تەنها درێژە پێدەری ئەم بانگەوازەن ئیتر هەر وەك ئەوان ڕەخنە لە سەرکردەو پێشەواکانتان ئەگرن بە بەڵگە لە کتێبەکانی خۆیان هەڵەکانیان دیاری ئەکەن ، فەرموو ئێوەش پێمان بڵێن هەڵەکانی ئەم زانایانە چیەو لەچی دەرچوون لە قورئان و سوننەت و ئیجماعی سەحابەکان ئەگەر ناتوانن ئەوە چاکترە ڕاستی و حەق قبوڵ بکەن نەك بیشێوێنن !

پێمان ئەڵێن سەلەفیەکان تەنها خەریکی ئەوەن موسڵمان کافر ئەکەن و تەبدیعیان ئەکەن و غەیبەتیان ئەکەن !

ڕاست نافەرموون سەلەفی غەیبەت ناکا بەڵکوو جیهادێکی گەورە ئەکا بەرامبەر ئەوانەی دینی خەڵك ئەدزن و قیامەتیان و ئینجا دونیاشیان لێ وێران ئەکەن ، حەقیقەتی ئەمانە بەخەڵك ئەڵێن ئەمەش جیهادە نەك غەیبەت !

وە سەلەفى تەكفير ناكا بەڵكو ئەمە لە ئێوە دەوەشێتەوە كە قوتابيەكانتان وا پەروەردە كردووە لە سەر تەكفير وەك ئە بينين بە كۆمەڵ تەكفير ئەكەن و بە كۆمەڵيش ئەكوژن فەرق لە بەينى ژن و پياو و پيرو منالّ ناكەن !

تەبديع كردنيش بەڵێ ئەگەر كەسێك لە قورئان و سوننەت لابداو دژايەتى كەسانێكيش بكا كە لە سەر مەنهەجى قورئان و سوننەت بن و بڵێن تەنها ئەوە حەقە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم وە هاوەڵەكانى لە سەرى بوون ، كەسێك ئەوە حاڵى بێ دژايەتى ئەهلى حەق و سوننە بكات ڕاستى جوانترين ناوو بۆيان مبتدع ە .

ئيتر هەر ناوێكمان بۆ دروست ئەكەن بكەن ئێمە ئەوەى هەمانە بە ڕاشكاوى ئەيلێين ماڵى خۆشتان شوشەيە ئاگادار بن بەرد مەگرنە خەڵك .

كاتى ئەوە هاتووە پێناسەى سەلەڤ بكەين بزانين ماناى چيە وە ئايا دروستە ئەم ناوە لە خۆمان بنێين بۆ ئەمەش ووتەو فەتواى زانايانى سەلەڤ ئەهێنين لەو سەردەمە .

ماناى سەلەفى

دیارە ئیسلام خواى گەورە لە ئاسمان دايبەزاندووە بۆ پێغەمبەرمان صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەويش بەو پەڕى ئەمانەتەوە بەهاوەڵەكانى گەياند ، وە تەنها ئەوە ئيسلامە كە لە لايەن خواى بەرز بۆ پێغەمبەرمان صلى الله عليه وعلى اله وسلم هاتە خوارەوە هەر بەوەش ئەوترێ ئيسلام كە لە سەردەمى پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێى ئەوترا ئيسلام هەر شتێك كە لە سەردەمى پێغەمبەردا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەبوبێ وە هاوەڵەكان ئاگادارى نەبوو بن ئەوان نەيان گێڕابێتەوە لە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەوە ئيسلام نيەو بۆمان نيە شوێنى بكەوين ، ديارە لە سەردەمى پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم يەك ئيسلام هەبوو كە هاوەڵەكانيش رضي الله عنهم لەسەرى بوون هيچ تەفرەقەو خيلاف نەبوو نە حزب حزبێنە هەبوو نە ئەو مەزهەب و ئەو مەزهەب هەبوو بەڵام لە پاشى ئەو سەردەمە زێڕينە خيلاف و لێكترازان پەيدا بوو لە نێو موسڵمانان تا ئەمڕۆ وەك ئەبينين ئەو هەموو مەز هەبە ئەو هەموو حيزبە ئەو هەموو تەريقەتە .... هەموشى دژايەتى يەكتر ئەكاو هەر كەسە ئەڵێ من ڕاستم ! وەك خواى بەرز ئەفەرموێ : ﴿كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾الروم ٣٢

ئێمەش ئەڵێين نا هيچ كامێكتان ڕاست نين تەنها ئەو يەك ئيسلامە ڕاستە كە لە سەردەمى پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم و هاوەڵەكانى هەبوو خوا لێ يان ڕازى بێت ئێمەش ئەبێ تەنها شوێنى ئەو ئيسلامە بكەوين كە ئەوانى لەسەر بوون و هيچ خيلاف و تەفرەقە نەبوو يەك خوايان ئەپەرست شوێنى پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم

ئەكەوتن و هەموو وەك برا بوون ئەوەش ماناى سەلەفيە كە شوێنى ئەو ئيسلامە بكەوى پێغەمبەرى صلى الله عليه وعلى اله وسلم لەگەڵ هاوەڵەكانى رضي الله عنهم لە سەر بوون نەك ئەو هەموو شتەى كە بەناوى ئيسلام داهێنراوەو پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لێى بەريە بەكورتى سەلەفى يانى شوێنكەوتنى پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم و هاوەڵەكانى بێ زياد كردن و كەم كردن ئەوان چۆن لەو ئيسلامە تێگەيشتن ئێمەش وا تێبگەين چۆن كاريان پێ كرد ئێمەش وا كارى پێ بكەين ئەوە ماناى سەلەفيە .

ديارە كە زۆر كەسانێكيش هەن بە خۆيان ئەڵێن سەلەفى بەڵام ئەو پێناسە نايان گرێتەوە چونكە موخالەفەى پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم و هاوەڵەكانى رضي الله عنهم ئەكەن بۆ ئەوەى بشيان ناسن بزانن كە لە سەلەفيت حيزبايەتى نيە وە ئەوەى ئە بينرێ لە كەسانێك ئەڵێن سەلەفين كە خەڵك تەكفير ئەكەن و ئەيان كوژن بە ناحەق ئەوە سەلەفيەت لێ يان بەريە چونكە ئەمەى ئەوان ئەيكەن پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم و هاوەڵەكانى رضي الله عنهم نەيان كردووە ئيتر بە چى سەلەفين ؟!

ئەمە فەرق ناكا لە گەڵ كەسێك ئەڵێ من موسڵمانم بەڵام كارێ بكا موخاليف بە ئيسلام، ئيسلام لێى بەريە ئاوها كەسێكيش بڵێ من سەلەفيم بەڵام بەدرۆو بۆ خەڵەتاندنى خەڵك!

لە كۆتايى سەلەفى يانى موسڵمانێكى ڕاستەقينە كە شوێن هيچ لايەنێك و هەواو ئارەزوى كەس ناكەوێ تەنها شوێنى پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم و هاوەڵەكانى رضي الله عنهم ئەكەوێ وە بۆ هەموو كارێك و هەڵس و كەوتێكى ووردو درشتى بەڵگەى پێيە كە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وعلى اله وسلم وەرى گرتووە.

بۆ زياتر ڕوون كردنەوەى ماناى سەلەفى وە زانينى كە دروستە ئەو ناوە لە خۆمان بنێين ئەوە فەرموون لەگەڵ چەند پرسيار و وەڵامێك كە لە مامۆستاو پێشەواياني سەلەفى كراوە :

سئل الإمام ابن باز رحمه الله – :

ما تقول فيمن تسمى بالسلفي والأثري ، هل هي تزكية؟

فأجاب سماحته :

(إذا كان صادقاً أنه أثري أو أنه سلفي لا بأس، مثل ما كان السلف يقول: فلان سلفي، فلان أثري، تزكية لا بد منها، تزكية واجبة).

پرسياركرا لە پێشەوا ابن باز رحمه الله چى ئەڵێى بەوەى ناوى لە خۆ ناوە (سلفي) يان (اثري) ئايا ئەوە تەزكيەيە؟ وەڵامى داوە ووتى : (ئەگەر ڕاست بكا بەوەى كە سەلەفى يان اثري ە ئەوە هيچى لە سەر نيە، وەك ئەوەى كە سەلەف ئە ڵێن فلان سەلەفى ، فلان اثري، ئەمە تەزكيەكە هەر ئەبێ ببێ ، تەزكيەكى واجبە) .

من محاضرة مسجلة بعنوان: "حق المسلم"، في ١٤١٣/١/١٦ بالطائف.

• هاتووه لە فەتواى ليژنەى دايمى سعودى ژمارە {٦١٤٩} {١٦٤/٢} :

"س: أريد تفسيراً لكلمة السلف ومن هم السلفيون . . . ؟

ج : السلف هم أهل السنة والجماعة المتبعون لمحمد صلى الله عليه وسلم من الصحابة رضي الله عنهم ومن سار على نهجهم إلى يوم القيامة، ولما سئل صلى الله عليه وسلم عن الفرقة الناجية قال : "هم من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي... " .

پرسيار : لێكدانەوەيەكم دەوێ بۆ ووشەى سەلەف وە كێن سەلەفيەكان ...؟

وەڵام : سەلەف ئەوان ئەهلى سوننەو جەماعەتن ئەوانەى شوێنكەوتەى محمدن صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە هاوەڵەكان رضي الله عنهم وە ئەوانەى لەسەر مەنهەجى ئەوان ئەڕۆن تا ڕۆژى قيامەت ، وە كە پرسيار كرا لە پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەربارەى ئەو كۆمەڵەى ڕزگاريان ئەبێ فەرموى : (ئەوانەن كە لە سەر ئەوەن من و هاوەڵەكانمى لەسەرە ...) .

• وە هاتووە لە فەتواى ژمارە {١٣٦١} {١٦٥/١} :

"س: ما هي السلفية وما رأيكم فيها ؟

ج : السلفية نسبة إلى السلف والسلف هم صحابة رسول الله صلى الله عليه وسلم وأئمة الهدى من أهل القرون الثلاثة الأولى {رضي الله عنهم} الذين شهد لهم رسول الله صلى الله عليه وسلم بالخير في قوله: {خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ثم يجئ أقوام تسبق شهادة أحدهم يمينه ويمينه شهادته} رواه الإمام أحمد في مسنده والبخاري ومسلم، والسلفيون جمع سلفي نسبة إلى السلف، وقد تقدم معناه وهم الذين ساروا على منهاج السلف من اتباع الكتاب والسنة والدعوة إليهما والعمل بهما فكانوا بذلك أهل السنة والجماعة. وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم".

پرسيار : سەلەفيەت چيە وە ڕاتان چيە بەرامبەرى ؟

وەڵام: سەلەفيەت نيسبەتە بۆ لاى سەلەف وە سەلەفيش هاوەڵەكانى پێغەمبەرى خوان صلى الله عليه وعلى اله وسلم وە پێشەوايانى ڕێگاى هيدايەتن لە سێ سەدەى يەكەم (رضي الله عنهم) ئەوانەى كە پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم شايەتى بە خێرى بۆ دانە لە فەرموودەى : (چاكترينى خەڵك سەدەى منن پاشان ئەوانەى لە دوايان دێن پاشان ئەوانەى لە دوايان دێن پاشان قەومى وا دێن كە شايەتيان پێش سوێنديان ئەكەوێ وە سوێنديان پێش شايەتى) پێشەوا احمد لە موسنەدەكەى گێڕاويەتيەوە وە بوخارى و موسليميش ، وە

سەلەفیەکان کۆی سەلەفیە نیسبەتە بۆ لای سەلەف ، وە ماناکەی پێشتر کرا وەئەوان ئەوکەسانەن کە لەسەر مەنهەجی سەلەفن لە شوێن کەوتنی کتاب و سوننەت وە بانگەواز کردن بۆیان وە ئیش کردن پیٚ یان ئا بەوە بوون بە ئەهلی سوننەو جەماعەت . وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء

عضو:عبدالله بن قعود، عضو:عبدالله بن غديان، نائب رئيس اللجنة:عبدالرزاق عفيفي،

الرئيس:عبدالعزيز بن باز

لە کۆتایی سوپاس بۆ خوا کە دەرفەتم بوو بۆ ئەم ڕوون کردنەوەیە وصلى الله على محمد وعلى اله وصحبه وسلم.